شیعر

# سفری ئەزموون

عومەر جەلال

٢٠٠٩

ناوی کتێب: سفری ئەزموون

نووسەر: عومەر جەلال

تایپ:نووسەر

دیزاین:هونەر وەهبی

بەرگ:ئارام شوانی

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردن: ١٩٧٠ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

چاپ: چاپخانەی ژێنەر

نرخ: ٢٥٠٠ دینار

**پێشکەشە بە:**

(باوکم)، ئەو پیاوە بێدەنگەی تەنیایی ونی کرد.

(دایکم)، ئەو ژنە میهرەبانەی چاوەڕوانیی پیری کرد.

(ئەوا)، ئەو کچە دڵڕەقەی فێری گومان و گەڕان و بەردەوامی کردم.

# پارچەکانی نیشتمان
# لە
# ئاوێنەیەکی شکاودا



شەپۆلێک بەفر بە گریانەوە
رووبارێک ئاو بە رەنگ و دەنگەوە،
وەرزێک بە بەرگی رەشەوە
برینی گەڵایەک بە خوێنەوە
بەدوای نیشتماندا وێڵن
لە پیاوێکی بەساڵاچوو دەپرسن
تەماشای ئاوێنەیان بۆ بکات
نیشتمانی ونبوویان بدۆزێتەوە،
پەڕەسێلکەیەک بە گۆرانییەکی غەمگینەوە!
هەتا هێلانەیەک درووست دەکات
نیشتمانمان لێ ون دەبێت،
شاعیرێک هەتا جگەرەیەک دەکێشێت
کوکوختییەک هەتا ئاوازێک دادەنێت بۆ مردن
جەلادێک هەتا خوێنی قوربانییەک دەرێژێت

نبشتمان بە جێ دەهێڵین،
قوتابییەکان چاوەڕوانی ئەنجامی نمرەکانیان ناکەن
کێڵگەکان بێ کەس دەمێنن
باخەوانەکان دەکەونە ڕێ
باخچەکان خۆیان دەکوژن
گۆڕستانەکان ئیدی زیندووەکان نابینن
شەقامەکان دەڕشێنەوە
یادەوەری نێوان خۆیان و
پێڵاوە لاستیکەکانی منداڵەکان هەڵدێننەوە،
نیشتمان دەکەینە کۆلارەیەکی منداڵانە و
دەزووەکەی دەدەینە دەستی دایکمان تا دێینەوە
نیشتمان دەکەینە تۆپێکی پێ
گۆڵی خۆمان لە ژیان دەکەین
بەر لە بەهار،
نسێی مردن دێت
نیشتمان نابینا دەبێت
داگیرکەرەکانی بەختەوەری دێن





نیشتمان باوەشیان بۆ دەکاتەوە
پاسەوانەکانی باران بە سەماوە دێن!
رووخساری نیشتمان رەش دادەگەڕێت
سێڵاوی خۆین ،
کۆڵانەکانی نیشتمان سوور دەکات
کرنووشی سەرکەوتنی بۆ دەبەین
رەزو باخەکان کۆچ دەکەن
ئێوارە شەرمنەکان نایەنەوە
گۆرانییە میهرەبانەکان نابیستینەوە
نوێژ بۆ درۆ دەکەین و
بەمەرگی گوڵ پێدەکەنین،
نیشتمان دەکەینە لەش فرۆشێک
هەر کەس ویستی پێشکەشی دەکەین
دیوانی شاعیرە کلاسیکەکان دەسوتێنین
دیوانی شاعیرە گەنجەکان دەکەینە
لولەی گوڵەبەرۆژەی نەفرۆشراو!
بەفری لوتکەکان بە گڕی خیانەت دەتوێنینەوە

شاخە قەشەنگەکان بۆ دوژمنان چۆڵ دەکەین
نیشتمان دەکەینە مەزەی سەرمێزی جەلادێک
ئاوێتەی خواردنەوەی شەوانیان دەکەین
بە پێی پەتی هەڵدێین
تەنیا خۆمان و یادەوەرییە ناشرینەکانمان
گۆڕی ئازیزانمان جێدەهێڵین
تف لە رۆژە ئاسوودەییەکانمان دەکەین
نیشتمان بۆ مردووەکان جێدەهێڵین،
باڵندەیەک وەڕس لە فڕین!
چەمێک سەرخۆش بە لێڵیی
باخێکی هەنار نامۆ بە مزریی
گۆرانییەکی قەیرە و شیعرێکی نەزۆک
بارانێک شەرمنتر لە ئاوێنە
سێوێک خامۆشتر لە بێدەنگی
دەرگایەک رەنگینتر لە تابلۆیەک
سیمایەک رەشتر لە رەژوو،
نەفرەت لە نیشتمان دەکەن





دەست لە ملی منداڵێکی بێکەس دەکەن
بەیەکەوە میز بە سروودی ئەی رەقیبدا دەکەن
فرمێسک پێدەگرێت و کۆچ دەکات!
بۆ نا کوێتا
نیشتمان دەکاتە تەنەکەی زبڵەوە فڕێی دەدات
عەشقی جەنگ دەبین و وەک مەرگ ئەزبەری دەکەین
ئاشتی لە نێو پێڵاوەکانماندا دەشارینەوە
دەست دەکەینەوە بە چۆلەکە کوشتنی منداڵیی
دەچینەوە یەکەم وانەی قوتابخانە
لەبری دەست هەڵبڕین بۆ مامۆستا
تەختەڕەش دەشکێنین،
وێنەی سەرۆک لەپۆلەکان دادەگرین و دەیسوتێنین
نیشتمانی ئێمە لە منداڵییەوە هەتیو بوو
کچەکەی بە منداڵیی لە کەسێکی گەورە مارە کرا
بۆنی دەمی نیشتمان کاسمان دەکات
بۆگەن بە ئەندازەی بۆنی دەمی دیکتاتۆرەکان
نیشتمان وەک گەمەیەکی منداڵانە

کێ بیەوێت گەمەی خۆی پێدەکات
پرچی نیشتمان هەر ڕۆژەو بەدەستی کەسێکەوە
لاشەی بریندار وەک شەهیدێکی سەرخۆش خۆینی لێ
دەچۆڕێت
جەلادە نەناسراوەکان دێن نیشتمان دەبەن
ئێمە فەرشی سووریان بۆ ڕێکدەخەین
دوژمنەکانی خەندە دێن و
ئێمەش ئالآی مەرگ هەڵدەکەین
جەنگاوەرەکانی ئەودیو سەربەستی دێن
کۆدی کردنەوەی دڵی نیشتمانیان پێ دەبەخشین
شوێنەوارناسە تڕۆکان دێن
بەردە ڕەنگاو ڕەنگەکانی چەمە قەشەنگەکانیان پێ دەفرۆشین
دڵ ڕەشەکان دێن میهرەبانی بەفریان بۆ ڕۆ دەکەین
قاچاخ چییەکانی دۆزەخ و بەهەشت دێن
ئایندەیان پێشکەش دەکەین،
گوێ لە گەمژەکان دەگرین و تێیان ناگەین
تەماشای وێنەستۆکەکانی شێوەکارە دەبەنگەکان دەکەین





بەنرخی ڕۆح دەیکڕینەوە
دەکەوینە دوای پاسەوانە نەزۆکەکان
بە ئومێدی درووست کردنی نەوەیەک لە منداڵی ئەرخەوانی
پارچەکانی نیشتمان پارچە دەکەین
بەئەندازەی ڕووبارێک لە خوێن
غەم لە ڕۆحی نیشتمان دەچۆڕێت
غەم دەکەینە جلک و لەبەری دەکەین
بەغەمەوە لە باخەکاندا خۆمان دەکوژین
بەغەمەوە پریاسکەیەک لە یادگار هەڵدەگرین
غەم دەکەینە سەرین و دەنووین!
بەغەمەوە هەڵدەسین و بەغەم چاومان دەشۆین
شەقامە تەنیاکانی نیشتمان بە ناوی غەمەوە دەنێین
هۆڵی ئاهەنگەکان ناو دەنێین غەمگینترین غەمگین
نیشتمان بەغەمەوە دەنێژین
وردە شووشەی ئاوێنە شکاوەکانی جەنگەکان کۆدەکەینەوە و
بە پیرێتی ، نیشتمان دەدۆزینەوە
پۆرترێتێکی ئەفسانەیی لە نیشتمان

له ئاوێنه دروست دەکەین

نیشتمانی گوڵ و نیشتمانی پارچەبوو

ئاوێته دەکەین و دەیخۆینەوه

سەرخۆش دەبین تا سنووری گریان

لەنیشتمانی غەمگیندا.

*لە گۆڤاری (ئاینده) ژماره (٨٣) ی مارچی ٢٠٠٩ بلاوبووەتەوه



سفری ئەزموون ـــــــ عومەر جەلال

ئاو لەگەڕان  وەڕس بوو
بەرد هێند تامەزرۆی رۆیشتن بوو نابینا بوو،
نابینایی لە چاوەڕوانیی روناکیدا بووە تارمایی
تارمایی بە هۆگریی ئاسوودەییەوە شێت بوو
شێت بوون لەعاشق کوشتن راوەستا
کتێب بەخەمی رامانەوە پەڕەکانی زەرد وشێوا
باران لە دووبارەبوونەوەی بارینی گۆڕا
بەفر سەمای بووە مەرگ و رەش هەڵگەڕا
نسیٚ هێند بووە نسێی سروشت
بە تیشکێکی رزیووی خۆر خۆی هەڵواسی!
ئەم زەوییە شوناسی مەرگی گرتووە
خوێن تەنیا رووبارە بە شەپۆلەکانی تەرمان دەکات
جەنگ وەک گەمەی منداڵانە چاوشارکێمان لەتەک دەکات



# بەرەو زەوییەکی دی

ئاگر بە سادەییەوە راڤەی مردنی ئاو دەکات

ئاو بە شۆخییەوە دەست لەملی ئاگر دەکات

جەلاد خۆی ساز دەکات بۆ کۆنسێرتی لە سێدارەدانی گوڵ

گوڵ لەوەتەی هەیە قوربانییە،

عاشقە دۆڕاوەکان پەرە پەرەی دەکەنەوە بۆ بەختی

نووستویان

شاعیرە گەمژەکان  بە بێ بۆن دەیکەنە پەیڤی شیعرەوە

مەرگی گوڵ کۆتا هێنانە بە ئەفسانە،

ئەفسانە جەنگێکە بە رێگای قاچاخ بۆ زەوییەکی دی

زەوییەک هێندەی دەریاکان خوێنی بەرهەم هێناوە

زەوییەک هێندەی وەرینی گەڵاکانی پایز ئافرەتی تێدا

کوژراوە

هەموو ئاخێکی مرۆ هێمایە بۆ رەتکردنەوەی ئەم زەوییە

هەموو گەڕانەوەیەک بۆ منداڵیی یەکسانە بەدابەشبوونی

رۆحی زەوی

مەنفا پەنجەرەیەکە بۆ رامان لە سکێچی زەوییەکی دی

تەنیایی پرۆڤەی مەرگی ئەم زەوییەیە تێیدا دەژین،





پێکەنین بە سوتانی شاعیرێک ئاماژەیە بۆ ترۆکردنی ئەم

زەوییە

گریان بۆ ئایندە خەوێکی قوڵە لە بەردەم باراندا

خۆکوشتن ترۆپکی سڕینەوەی زەوییە لە تەختەڕەشی

فەرامۆشیدا

پێشوازی کردن لە مردووان پێشوازییە لە زەوییەکی دی

ئاهەنگ گێڕان لە گۆڕستان یانی گەڕان بەدووی رێگایەک بۆ

رەشکردنەوەی تەرمی زەوی

بێدەنگبوون لە جەنگ، بێدەنگبوونە لە تارماییەکانی دۆزەخ

بەدەستهێنانی زەوییەکی دی

خوێندنەوەی دیوە شاراوەکانی بەهەشتە

ئەز ، بوون و توانام لەوەدا کۆکردووەتەوە

زەوییەکی دیکە  فەراهەم بکەم

زەوییەک وەک ئاسمان تەنیا منداڵیی لێ بژێت

زەوییەک وەک ئاو بەسادەییەوە بمبات

وەک شیعرێکی نەمر بەخوێندنەوەی تەمەنم درێژتر بکات

زەوییەک بە بۆنی عەشق هەناسە بدەم!

شەونمی سەر گوڵە پەژمووردەکان خواردنەوەی بەیانیم بێت
جێگەم لەناو باران راخرابێت،
خۆر ئاوابوون دواین هاوڕێی تەنیاییم بێت
زەوییەک بۆنی خوێن و جەنگی تێدا نەبێت
ماڵەکانی لە گەڵا درووستکرابێت
مرۆڤەکانی شەهیدانی رێگای عەشق بن،
چ بەخشندەییە لە زەوییەک بژیت جەنگی تێدا نەبێت!
چ ئاسوودەییەکە لە ماڵێک بژیت تەنیا خەیاڵ و بۆنی یاری تێدا بێت
چ دۆڕانێکە شکستخواردوو بیت و گۆرانی بۆ ئەم زەوییە بێژییت،
هێند پێم بەر گیای ئەم زەوییە کەوت مردم و زیندووبوومەوە
هێندە گوێبیستی تراژیدیا بووم خەندەم بیر چووەوە
_با_ وەک منداڵیی بردمی و بە دێوانەیی هاتمەوە!
-ئاو-وەک عەشق هێند گومانی لا دروست کردم
کۆمبوومەوە بەئەندازەی بەرد،





-باران-بەو هەموو هێزەی شۆردمیەوە و لە بۆنی غەمی ئەم زەوییە پاک نەبوومەوە
پاک بوونەوە یانی داوەت کردنی یار بۆ ماڵی دڵی شکاوی لە عەشق بە جێماو
رووتکردنەوەی سروشت جۆرێکە لە شۆڕشی دژە زەوی،
فڕینی باڵندە نەفرەت کردنی زەوییە بە زمانی فڕین
کوشتن، میزکردنە بە رێساکانی ئەم ژیانە پووچە نەهیلیستییەت، دوا کتێبە هاوڕێکانم مژۆڵی خوێندنەوەین
خۆسوتاندن دواین گەمەیە کچە تەنیاکانی نیشتمان موعتادی بوون
ئەی هاوڕێم... (من)
جگەرە نەما نەیکێشی بە کوڵت دا
شەو نەما بەمەستی گوزەر نەکا،
ئێوارەکانت هەمووی لێوان لێو بوون لە غەمباری
جەنگ نەما ئەزموونی نەکەیت
فرمێسکی ئەم ژیانە هەمووی سەردانی کردیت!
تەرمی پەپولەکان لە گیرفانەکانتدا خۆیان حەشار دابوو

ببورە هاوڕێ... (خۆم)

ئەم زەوییە سوودی نەماوە زووکە جێی بهێڵە

ئەگینا شیعرەکانت دەدڕێنن ،

شاعیرانی سادە و خوێنەری سادە دەبنە پاڵەوانی ئەدەب!

لەبری مۆزیک لولەی تفەنگەکان دەبنە هاوڕێی گەنجەکان

لەبری گۆرانی گوێبیستی هاڕەی ئەو فیشەکانە دەبین دەینێن

بە مرۆڤە بێدەنگەکانەوە

ئەو مرۆڤانەی هەمیشە خەون بە زەوییەکی دیەوە دەبینن و

مەرگ ڕێگایان پێ نادات

ئەی خۆم... (هاوڕێ)

کاتی ئەوە نەماوە بە خوێندنەوەی کتێبەکانەوە رابمێنیت

شوێنی ئەوە نییە  بەدەنگی بەرز بانگی یار بکەیت و ڕەتت

بکاتەوە

درەنگە دەرگای زەوی دادەخرێت

ناوی عەشقی لێبنێ و دواین سوێند بە شیعر

بێژە بە کپیی،

ئەمە دواین شیعرە دەینووسم لەسەر گۆی ئەم زەوییە





ئەمە دواین پەیامە بۆ کچێک ڕەقتر لە بەرد!

ئەم دواین هەناسەیە لەسەر ئەم زەوییە

ئیدی نامەوێت،

چارەی ڕەشی ئەو مرۆڤانە ببینم هاوڕێکانمیان بەکوشتن دا

ئەو مرۆڤانەی بێ سۆزبوون بەرانبەر بەهەشتی ئەم زەوییە و

دۆزەخی ئاگراوییان بە دیاری هێنا بۆ  وڵاتەکەم،

ئەی من... (هاوڕێ)

پێبکەنە تا تخووبی شێت بوون،

 بۆ ئەو ڕۆژانەی سیزیف ئاسا ژیایت!

نەفرەت بکە لەو مامۆستایانەی وانەی ترس و ئیرەییان فێر

دەکردی

ئەو قوتابخانە بەرد باران بکە

چارەکە سەدەیەک تەمەنی دزی و زیندانی کردی،

وەک شێت

بەرد بگرە ئەو مەلایانەی باسی دۆزەخیان بۆ کردی

ئەو مەلایەی وای لێکردی بجەنگی دژی مرۆڤ

لێبووردەی بگۆڕیتەوە توندووتیژی،

سیلەی کۆڵان لە خوێندا نابینرێت!

ماڵە سارد وسرەکەی تەنیایی ئاگری تێبەربووە

زەوی جەستەی کون کون بووە

بەئەندازەی ئەو شەهیدەی لە بەیانییەکی شەرمندا گولەباران کرا

زەوی دەستی بریندار بووە و هەر خوێنە!

بەسەری ئێمەدا دەیهێنێ ئەگەر بە جێی نەهێڵین،

غەمی من نووسینەوەی زەوییە

ئەو هەموو ئازار و شکستە چۆن جێ بکەمەوە

ئەو گۆرانییە کوژراوانە چۆن بنێژم

شیعرە پووچەکان چۆن راڤە بکەم

چ شەرمە بۆ زەوییەکی دی تراژیدیا بە کۆڵ بەرم

ئەم زەوییە شەرمەزارییە بۆ کەسێک

بەرەو زەوییەکی دی بڕوات

من دەستپێشخەری ئەوانی دیم

یەکەم کەسم ئەم زەوییە جێدەهێڵم،

یەکەم کەسم کۆڵانەکانی منداڵیی جێدەهێڵم





پشت لەو زەوییە دەکەم تێیدا ژیام

یەکەم کەسم لە پاش شکستی عەشق هەمیشە عاشق دەبمەوە

لە پاش سوتانی ئەم شیعرە بەخەمەوە دەینوسمەوە،

مانیفێستی زەوییەکی دی

دەبێتە مارشی شۆڕشم

*لە گۆڤاری (هەنار) ژمارە (٢٨ )ی مای ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە

لە مێژە من چاوەڕوانیی (با) دەکەم
بە وێنەی خۆی فێری یاخی بوونم بکات،
(با) بە ئەندازەی مۆسیقا سەرەڕۆیە
خۆی دەکات بەنێوی هەموو دڵێکدا!
(با) هەروەک قەرەجێک وایە
هەر رۆژەو لە کۆڵانێکدا سەری دەشکێنن،
(با) هەروەک عاشقێکی لە سرووشت یاخی وایە
هەرگیز دڵی بە باخچە ناسووتێت،
لەناو دڵی (با) دا گۆرانییەکی نەوتراو هەیە
لە سێبەری هەر دڵۆپە ئاوێکدا نیشتمانی (با) هەیە
لەوەتەی (با) هەیە دوژمنێکی سەرسەختی بارانە
باران، هێندەی ناسکی عەشق دەیەوێت بەهێمنی ببارێت
با هەمیشە شێتی دەکات،



# جەنگی من و (با)

به منداڵیی هاوڕێی نزیکم (با) بوو

وەلێ ،تەنیا ئەو دەتوانێت بەرەهایی ئازاد ببێت

من هەمیشه (با)م خۆشدەوێت

وەک و ئەو کچه وایه هەردەم لێم هەڵدێت،

ئیرەیی به (با) دەبەم

هەموو شەوێک به دزیی خواوه دەچێته رۆحی ئەو کچه

دڵڕەقانەوه

که مردنیش ناتوانێت دڵیان نەرم بکات،

(با) دەستی نییه و دەستی هەمووومان دەگرێت بۆ جەنگی پایز!

(با) چاوی هەیه و هیچ نابینێت

منداڵەکان (با) یان زۆر خوش دەوێت

ئەو منداڵانەی دەیانەوێت هاوسەنگی کۆلارەکەیان تێک

نەچێت

ئەو منداڵانەی پێدەکەنن به بەربوونەوەی مێزەری مەلاکان

ئەو منداڵانەی پێدەکەنن به تێکچوونی باڵی پەپوله پایزه

(با) زۆر ئازیزه لای ئەو منداڵانه،

هەمیشه دڵی کراوەیه (با)





چوون ئاوازی عاشقانه گوڵەکان دەگەشێنێتەوه

(با) نزیکیی لەتەک هیچ دۆستێکی سرووشتدا نییه

دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا خۆی بناسێنێت !

خودایه،بۆ نەتکردم به کوڕی(با)

خودایه...

*لەهەفتەنامەی (ئەدەب و هونەر) ی کوردستانی نوێ ژماره

(٥٤٣) ی ١٢/٧/٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوه.

به سادەیی  وەک باران هەندێ سات دێت
به توورەییەوە وەک ئاو هەندێ سات دەمانبات،
وەک —با–یەکی سەر لێشێواو نامانناسێتەوە
چەندە بێ میهرە دەنگی مردن،
چەندە ئیرەیی بەعەشق دەبات مردن
ئەزموونی مردن لە ئەزموونی —با– دەچێت
هەموو کوچە و کۆلانێکی ژیان شارەزایە
هەموو دەرگایەک دەناسێتەوە بێ زانیاری ژمارەکەی
هەموو  قوتابخانەیەکی بیمار لێی دەترسێت
هەموو هەناسەی گوڵێک ئێستێک دەکات لەبەردەمیدا،
هیچ دڵۆپە ئاوێک نییە لەترسی مردن ڕەنگی زەرد نەبوو‌بێت
هیچ ئێوارەیەک نییە بەر لە ئاوابوون بێدەنگ نەبووبێت
لەترسی مردن



# ڕامانێک
# لە
# مردن

هیچ عاشقێک واهەست ناکات شتێک هەبێت مردنی ناوبێ
جگە لە یادەوەری
هیچ شاعیرێک ئومێدی بە چاوەڕوانیی مەرگ نییە و نرخی بۆ
دانانێت،
هەندێ سات شاعیرەکان خۆیان مردن داوەت دەکەن بەر
لەوەی ئاگاداربێت
مردن کەی پرسیویەتی تۆ چەند ژیانت بینیوە؟
تۆ چەند ئاسوودەیت و تا چەند ژیان قەرزدارت بووە؟
کام نیشتمان هی تۆیە و ئالآی تایبەتی خۆت هەیە؟
مردن کەی ڕێزی لە توانەوەی بەفر گرتووە لەوەرزی
تەنیاییدا؟
مردن کەی بانگی ئێمەی کردووە بۆ ماڵە سەرابییەکەی خۆی؟
چەند ئازاراوییە!
جوکە جوکی چۆلەکەیەک لە ترسی مردن ویژدانی سروشتی
توڕداوە
هەنسکی منداڵێکی یاخی،
تەنیا بە شۆخییەوە چەند هەنگاوێک مردنی ترساندووە





مردن پەنجەرەیەکە لە تارمایی هەرگیز ناشکێت
ژیان گۆرانییەکە بێبەش بوون لێی ئەستەمە

*لەهەفتەنامەی (ئەدەب و هونەر) ی کوردستانی نوێ
ژمارە (٥٥٣) ی ٢٠٠٧/٩/٢٠

هێندەی دابەشبوونی شەوانی عەشق

هێندەی لەتبوونی پەیڤەکانی نامەیەک

هێندەی نووسینەوەی باران

وەرسم لەم ژیانە بێهودەیە،

دواین پەناگەم ماڵی مردنە و هیچی دی

دواین ساتی پشووم کۆشی مەرگەو هیچی دی

بەدووی نهێنییەکانی( ئاو) دا شێتبووم و نەگەیمە کۆتا

بەدووی کۆڵانەکانی عەشقدا ونبووم و خۆم نەدۆزییەوە

تەژی بووم لە فرمێسک و گۆرانییە ناسازەکانی زیندەگی

باخچەیەک لە دڵما سەوزبووە تەنیا مردن دەیناسێت!

خۆکوشتنێک لەهزرمدا پێدەکەنێت بەرابوردووم

ئیش لەسەر دەرگاکانی (بەرد) ئەکەم !

ئاوێتە بوومە لە وێنەی فەرامۆشی



لە

ناو دڵی بەردێکدا

دەمرم!

سنوورەکانی بێدەنگیم تێپەر کرد

ئاوازەکانی منداڵییم ئەزبەرکرد

لەتەک مەرگدا وەک دوو ئەویندار عاشق بووین

مەرگ ژیانی پێبەخشیمەوە

من بەمەرگەوە زیندووم و بەژیانەوە مردووم و قێزەونم

مەرگ پەنجەرەیەکە بۆڕامان لە هەموو ئاسوودەییەکان،

مەرگ ماڵی لە ودیووی خۆشبەختییە

مەرگ بۆنی منی لێدێت

من بۆنی مەرگم لێدێت

ئاوێنەکان تەماشا دەکەم فەرامۆش لەخۆم و تەنیا وێنەی

مردنم نیشان دەدەن

دواین خوازیاری من بۆ مردن ،دڵی بەردە

نامەوێت لە گۆڕستانە دڵتەنگەکاندا بنێژرێم

گۆڕستان پڕە لە تەنیایی

من دەمەویت بمرم و تەنیا نەبم !

زیندەگی من لێوان لێو بوو لەتەنیایی

چ پێویستم بە تەنیاییە پاش مردن،





تەنیا دڵی بەردە قەشەنگە بۆ مردن

دڵی بەرد تەڕە وەک دڵی خۆم

ئیدی ،بە بەرد دەڵێم جێم مەهێڵن

هەست بە رۆحی ئێوە دەکەم

لە مرۆ  زێتر دڵسۆزن،

ئەی بەرد مەنوو!

دەرگاکەت بکەوە،

هاوڕێیەکی ئازیزت دێت

ئەویش منم لە دڵی تۆدا دەمرم

ئەی بەرد.

*لەهەفتەنامەی (ئەدەب و هونەر) ی کوردستانی نویٚ ژمارە

(٥٢٧) ی ٢٠٠٧/٣/١٥

دەفڕین لەتەک کۆلارەی منداڵییدا
باڵی پەپولەمان دەدزی بۆ فڕین،
کتێبە کۆنە بەنرخەکانمان پەرە دەکردەوە
بەهاوڕێتی خەیاڵ دەستمان لە پرچی ئەستێران دەدا
هەموو جار من بەدزیی باوکمەوە دەفڕیم بۆ گۆڕستان!
بەدزیی مامۆستاکانمەوە لەپەنجەرەی پۆلەوە دەفڕیم
تۆ دەتبینی نیشتمان دەفڕی بێدەنگ بوویت
بەردت دەبینی سەمای دەکردو دەفڕی هیچت نەوت
کۆترەکانی نیشتمان مەستی زەوین و باڵ شکاو
جەلادەکان بەسانایی دەفڕن،
عاشقە بێئومێدەکانی ناو باران لەژوورە نسرمەکاندا ونن
کوژەری جوانییەکان لەنێو مانگدا دەئاخڤن
شیعر دەفڕێت دەستی لە نێو دەستی کچە قەرەجێک دەنێت



# فڕینەکان

باڵەکانی لە تەنیایی و یۆتۆپیا دەئافرێنێت

گۆرانی دەفڕێت بەدزی مۆزیکەوە!

ئاوێنەیەکی بازرگان دەستی دەگرێت بۆ هۆڵێک لە وەڕسیی

شەقامەکانی شار، شەوان لە ترسی تەنیایی دەفڕن

بۆ دوورگەی پێڵاوی لاستیکی هاوڕێکانیان!

چاوەکانم دەنێمە سەر کتێبێکی کۆن

تا تۆزی رۆژە تۆراوەکان دەمفرێنن

دەستەکانم لەسەر پشتی پشیلەیەک دادەنێم

تا فێری بازدانم بکات بۆنی فڕینی لێبێت

ئەشێ، فڕین بە تەنیا بەرزبوونەوە نەبێت

باڵندە هەیە دەفڕێت و هەست بەزەوییەک دەکات باڵەکانی لەسەرییەتی

مردن هەیە پێیەکانی لەسەر زەوییە و بۆنی فڕینی دەگاتە مانگ

نیشتمان لە فڕیندا بوو باڵەکانی شکا!

هەورێکی پڕ لە ئیرەیی ،





بە بروسکەیەکی بێ بەزەیی توند باڵەکانی بەردایە سەر زەوی

هەر گیاندار بوو پەڕی باڵەکانی دەبردە ولاتێکی دی و دەیفرۆشت

هەر مرۆڤ بوو دەرگای لێ نەدەکردەوە

فڕین لاسایکردنەوەی ئاوە بە زمانی ئاسمان

فڕین هەڵهاتنە لە فڕین!

فڕین جۆرێکە لە شاعیربوون!

جۆرێکە لە تارماییەکانی خۆکوشتن!

فڕین جۆرێکە لە هەناسەدانی مەرگ بەدزیی ژیانەوە

دەروازەیەکە بۆ گەڕان بۆ دۆزینەوەی پارچە شکاوەکانی عەشق

پەیامێکە رەنگەکان دەیبینن

دەنگێکە باران ئاوێتەی دەبێت،

سەمای دۆلفینەکان هەوڵە بۆ فڕین

راکردنی جوجکی لە هێلکە هەڵتۆقیو حەزی فڕینە

لوتکەی چیاکان دڵی زەوی بووە

بەستویەتی لە نمایشی فڕیندا
لە ساتی شیعر نووسیندا پەیڤم بینییوە فڕیووە!
لە ساتی کردنەوەی پەنجەرەدا بەدەیان نیگام فڕیووە
لە پیاسەکردنم لەتەک باخچەکان گەڵاکانم بە باڵەوە دیووە
ونبوونە لە ئاسمان
شەپۆلی ئاوم بەتاسەوە بینییوە هەوڵی فڕینی داوە،
خەونم بە درەختەوە بینییوە لە سەر مانگ رووواوە و فڕیووە
دەفڕین بێ ئاگا دەفڕین!
دڵم یەک جار فڕی و نەگەڕایەوە،
تۆ دەتبینی ئەزیزم دڵم دەفڕێ
بە ناشوێندا ون بوو
وەک باڵندەیەکەی نەشارەزا ونبوو لە کۆڵانە تەسکەکانی
ئەستێرەدا
وەک دوکەڵی جگەرەیەکی تەڕ
لێوان لێو لە بۆنی عەشق،
جەستەی سڕم هەنووکە بێ دڵە
نمایشی مێرولەکان





مانای فڕین راڤە دەکەن!
خۆکوشتنی درەختێکی پیر
لە ئیرەیی فڕیندایە کە ناتوانێت بفڕێت
کولەبەرۆژەیەکی پەژمووردە
هێند کەوتە دوای تیشکی خۆر و خۆیهەڵواسی!
لەبەرگی خۆی هاتە دەر وئارەزووی فڕینی دەکرد،
رەشەبا، هیچ نییە جگە لە هێرشی بێمانای دژە فڕین
کۆلارەی منداڵیی پەیامی فڕینە بە بێدەنگی
باران ،پەنجەرەیەکە بۆ بلاوکردنەوەی بۆنی فڕین
بەفر ، دواین هەوڵە بۆ وێنەگرتنی فڕین بۆ مانەوە
فڕین جۆرێکە لە ونبوون!
ونبوون لکێکە لە فڕین!
بەدەم باوێشکدانەوە دەفڕم
لە ناو سرووتی نزایەکدا دەفڕم
بە دەنگی پژمەی نێرگزێک هەڵدەستم
لە ترسی خشپەی ئاو دەفڕم،
گەڵا وەریوەکانی پاییز لەتەک خۆم دەبەم

ماڵێک لە ژێر باڵی ئەستێرەیەکدا چێ ئەکەم

دەفڕم تا سنووری  نا کۆتا

دەکەومە دوای  باڵی چۆلەکەیەکی نامۆ

دەفڕم بۆ پشتی بێدەنگی

تا ون ببم لە فڕیندا

تا دەگەمە لوتکەی مردن،

ئەو درەختەی لە نسێیدا  دوو عاشق بە یەکگەیشتن

گەڵاکانی هەنووکە دەفڕن!

ئەو پیرییەی منداڵییەک ئاوێتەی بووە

نیشتنەوەی لە زەویدا نییە!

ئەو شیعرەی پاش خوێندنەوە بەرگی دی لەبەر دەکات

نهێنی فڕینی هەڵگرتووە!

نهێنی فڕین تەنیا باڵندەکان نازانن،

-با- بەو هەموو تەمەنەیەوە نازانێت

فڕین بۆ ؟

ئۆگۆستی ٢٠٠٩

له نێو تابلۆیەکی هەڵواسراو بە دڵی رابوردوو بۆت دەگەڕێم!

له پشت نهێنییەکانی ناو دڵی بەرد دەتدۆزمەوە

له ئاوێنەی باران تەماشات دەکەم،

بەدەنگی بەفر بانگت دەکەم

دەچمە ماڵی مردن دەمدۆزیتەوە

لەتەک —با– پیاسە دەکەم و دەمناسیتەوە

تۆ بەقەشەنگبوونت

دڵی باخچەت خۆشکردووە!

بەدەنگت عەندەلیبت شەرمەزار کردووە

خۆشم ئەوێی هەناسەی دوکەڵاوی من

له لوتکەی غەمی ناکۆتاوە

لەپشت مردنەوە،

وەک هاژەی ئاو بانگت دەکەم



# نیگا
# ڕژاوەکان

تەنیاییم چەمێکی سەرخۆشەو لاربووەتەوە
گۆرانییەکە تەنیا خۆم گوێبیستی دەبم،
هێدی هێدی منداڵ دەبمەوە!
بەدارلاستیکێک پەنجەرەی تەنیایی دەشکێنم
دەچمە کۆڵان بەخۆڵ وێنەی تۆ درووست دەکەم!
بەهەڵماتی رەنگاو رەنگ ناوت لە باخچەی ساوایان دەنووسم
بەسانایی ئەستێرە دەبارێتە کۆشی تۆ!
هەور باسی ژیانێکی دی بۆ تۆ دەکات ،
لەنائاگاییەوە –گیا – بۆنی تۆ دەبەخشێت بەسەر درەختە بێ
نازەکاندا
شۆستەیەکی دڕاو دەبینم لە تێکی دەبەم!
گۆرانییەکی غەمگین چۆڕ چۆڕ هەڵدەگرم
فرمێسکی منداڵێکی گومانکار کۆدەکەمەوە
هەناسەکانی پیرێک بەدیار مەرگەوە دەدزم،
وەرسیی خۆم پینە دەکەم
دڵی ماسییەکی سوور
دەکەمە دوا گۆڕی ژیانم





لەکارتێکی سەری ساڵدا
وێنەی خۆکوشتنی دۆلفینێکی غەمبارت بۆ دەنێرم!
بەهەناسەی نیگەرانی دەنووسم خۆشم دەوێی
لەتەک مێروولەکان رێ دەکەم،
کوورەی هەنگەکان وا لێ دەکەم وێنەی تۆ بنەخشێنن
مۆزیک دەکەم بەهاورێت !
رێگا بۆ باران خۆشدەکەم بتناسێتەوە
ئاو ناچار دەکەم لەتەکتدا بپەیڤێت!
بەدارسێوێکی هاورێیم دەڵێم سایە بۆ تەنیایت بکات
بەخەندەوە دەڕۆم بۆ دڵی بەرد و یادی تۆ دەکەم
یادێک بەوێنەی زیندوو کردنەوەی رۆحی ئاو!

سێپتەمبەری ٢٠٠٩

شێتێک بەدەم جگەرە کێشانەوە
منداڵی منی بینیبوو لە کۆڵانێکدا،
مژۆڵی فرۆشتنی تەنیایی بووم
کێلی گۆڕێکی دراوسێی گۆڕی باوکم
ناوی سیانی منی لەسەر نووسرابوو
ئەشێ بەمنداڵی مردبم و نەمزانیبێت!
هەر رۆژە و لە تێک لەیادەوەری منداڵی دەدۆزمەوە
هەڵماتێکم بەدەستەوەیە
بۆنی منداڵی پێوە ماوە
رەنگەکانی ناوەوەی ئاسمانی هەنووکە بوون
خرێتی لە شێوەی رۆژو زەوی بوون
ژیان رەشکردنەوەی منداڵییە ،
جەنگ پرۆتۆکۆلی ناردنی منداڵییە بۆ دۆزەخ



# گەڕان بەدوای منداڵی

لە ئاوێنەی پەشیمانبوونەوە  نزیک دەبمەوە

لە نسێی درەختێکی پیر ئۆخژنێک دەدەم

ریقنەی ئەو چۆلەکانەی بە منداڵیی دەمکوشتن

جەستەم بە رەهایی ون دەکات

رامان لە گەمەکانی منداڵیی

رامانە لە نهێنیی  خودا،

نووستن لە ماڵی منداڵیی

نووستنە لە بەهەشت بە دزیی گەورەبوونەوە

شەوانی منداڵیی تەژییە لە ترس

ئێوارانی رەنگینە بە بۆنی باران

کێ لە فانتازیای منداڵییدا دەمرێ ؟

شیعر پاککردنەوەی ژووری منداڵییە لە زیندانی گەورەبوون

یاخی بوون دەستگرتنی منداڵییە بۆ جەنگەڵەکانی سرووشت!

منداڵیی باڵندەیەکی بێ باڵەو دەفڕێ

کانییەکی بێ ئاوەو تینوێتی دەشکێنێت،

لە ماڵێکی رەنگاو رەنگ منداڵیی دەردەکرێت

گەورەبوون دەخیلەکەی دەشکێنێت





منداڵیی لە بازاڕدا دەفرۆشرێت

کەس نایکڕێت جگە لە شاعیرەکان!

کەس بانگی ناکات جگە لە عاشقەکان!

کەس گوڵەبەرۆژەی لێ ناکرێت جگە لە خۆی !

کەس دەستی ناگرێت جگە لە —با–

باران لە گەرماوی وەرسییدا دەیشۆرێت

بەفر فێری بێدەنگی دەکات،

ئەستێرە باسی جوانی بۆ دەکات و

ئاسمان زەوییەکی دیکەی نیشان دەدات،

منداڵیی لە پشتی ئاو خۆی دەشارێتەوە

پێڵاوێکی لاستیک دەیبات بۆ بەهەشت!

کۆلارەیەکی رەنگاو رەنگ پیاسەی ئاسمانی پێ دەکات

کوکوختییەک لەسەر درەختێکی یۆکالیپتۆز دەیفرێنێت

بەهەورە سپییەکانی دەناسێنێت

ژوورێکی لە تەنیشت مانگ بۆ چێ ئەکات،

بەیانیان لەتەک تیشکی خۆردا

ئاوێتە دەبێت بە باخچە

دەنگێکی ناساز بە تۆپزیی
بەدیار بۆیاخکردنی پێڵاوێکەوە لەخەونی دەکات
یادەوەری کۆڵانێکی رەشپۆشی بێئومێد
بەفرمێسک تەرم ئەکات،
پەرچووی لێکردنەوەی میوەکان بێ ئەوەی بزانم بۆ لێم
ئەکردنەوە
هێندەی نووسینی شیعرێک ئەمگرێنێت ،
کوشتنی پەپولە پایزە هەر بۆ شۆخیی
هێندە کوشتنی رەنگی ئاو ئازارم ئەدات
ئەو دارەی کە دارا دەیبینی،
مردین و هەر نەمان دی
دارێک دەستەکانمانی لەت لەت ئەکرد
دارێک بردینی بۆ گۆڕستان،
دارێک گەورەکان بڕییانەوە
دارەکەی دارامان نەبینی
منداڵیی خەون دەبینێت
دەفڕێت لە پانتایی ئاسمان!





دەستی زەمەنێک دێت دەیکوژێت
لە رووبارێکی بێ ئۆقرە
دەچێتە قولابی ماسییەکەوە،
لە زەمەنی بێهودەیی و دیکتاتۆردا
دەکرێتە ژێر گڵەوە
گەورە دەکرێت بە ناچاریی
لەبەرەکانی جەنگدا خۆی دەکوژێت
دەفرۆشرێت بەچرکەیەک ئاسوودەیی
لە مزگەوتێکدا شەوێک دەدۆزرێتەوە
ناوی دەنێن منداڵیی زۆڵ و کوڕی- با-
شەپۆلەکانی کەنار یادی منداڵیی دەمتەزێنێت،
راکردن لە سیلەی کۆلان و بە دوای ئۆتۆمبێلی دڵڕەق کەوتن
کردنەوەی دەرگای گومان و گەڕان بەدوای دڵی زەوی
سەردانی گۆڕستان و ئیرەیی بەجوانی مانگ
هەردەم ئێوە نابینن
منداڵیی لە خەرەندێکی نامۆ نووستوە
هەردەم ئێوە نابیستن

مندالّیی لە گەرِەکێکی پیر بەگۆچانێکەوە دەرِوا بەرەو مالّی
مردن
بالّی مندالّیی لەتەک بالّی پەپولەیەکدا دەشکێت
لەدرەختێکی بلّندەوە بەردەبێتەوە ناو  تەنیایی
شەوێک ئەفسانەی جەنگەلّێک دەیدزێت
زمانی ئاژەلّەکان فێر دەبێت
کۆدی دەرخستەی شۆخیی سرووشت دەبات
مندالّیی نایەتەوە لە ئاسمان
هەتا رەنگی خوێن بمێنێت
هەتا دەنگی جەنگ بەردەوام بێت
هەتا مردن لە بۆسەدا بێت
هەتا بەختەوەری خۆی حەشار بدات
ئیدی مندالّیی نایەتەوە،
لەتێک لە مندالّیی بە درەختێکی پیرەوە جێ دەمێنێت
نمەی بارانی ئێوارە ئاوێتەی تەنیایی دەکات
کانییەک  چۆرِێک لە مندالّیی دەکات بە پاسەوانی خۆی!
بالّندەکانی تەمەن دەنووکی تێدەکەن و لێلّی دەکەن





دەستەکانی مندالّیی بەتەختە رەشێکەوە جێ دەمێنێت
رستەی بێهودەیی تەواو ناکات،
تینوێتی خەونی مندالّیی
لە سەر بالّی ئەستێرەیەک مالّێک بۆ خۆی  چێ ئەکات
پایزێک لەتێکی یادەوەری مندالّیی بەسەردان دێتەوە
بۆنی باران و ناسکی پەشمەک و ئۆتۆمبێلێکی باغە دابەش
دەکات
مندالّیی لەتەک چلّێک نێرگز دێتەوە
ئێمە نایبینین
پیربووە دلّی مندالّیی
ئێمە ناینایسینەوە

جونی ٢٠٠٩

خودایە، ئایندەی جوانکەی وەک خەونم
نەهێڵی پیری لەتیبکات،
سەما میوانی بێت تا دەنوێت
ئاوێتەی سۆزی خۆتی بکەیت،
دڵی بەردی ئەو نەرم بکەی
وەک چۆن دڵی ئاوت نەرم کرد
خودایە....
بەیانیانی ئەو پڕبکەیت لەمنداڵیی،
ئێوارانی لەعەشق
شەوانی لە یادی من
نەهێڵی تامی ئازار بکات
خودایە...
دەنگی خۆشبکەی وەک دەنگی تەنیایی،



# نزاکان
# بۆ
# ئەو

پرچی درێژ بکەی وەک گومانەکانم

فرمێسکی تەڕبکەی وەک باران

هەناسەی بۆن خۆشبکەی وەک نێرگز

خودایە...

تەمەنی درێژ بکەی وەک شیعرێکی جوان

سێبەری بکەیت بە باخچە

بۆ تەنیایی باڵندەکان

خودایە...

ناسکی بکەیت وەک باڵی پەپولە

رووخساری گەش بکەیت وەک تریفەی مانگ

هزری لێوان لێو بکەیت لەعەشق

دەستەکانی لە هۆنراوە

خودایە....

پڕی بکەی لەمن

هەر وەک چۆن پڕتکردم لەئەو

وای لێبکەی خۆشی بوێم

هەر وەک چۆن لەبری تۆ





ئەوم پەرست

خودایە....

دڵنیام نزاکانیشم وەر ناگریت

وەک ئەو

کە پەیامەکەمی ڕەتکردەوە!

سێپتەمبەری ٢٠٠٧

لە بێدەنگی گۆڕی خۆم دێمە دەر
مەرگ لە پاش خۆم جێ دەهێڵم،
مەرگی ساتی گوێگرتن لە مۆزیک
مەرگی ئەو شیعرانەی دەیگریاندم
بۆنی ئەو نامانەی بە ترسەوە دەمنووسین
وەک ئاو دەپیرژێنم!
چۆلەکەیەکی تەنیا بە بۆنی سەرخۆش دەبێت
باخچەیەکی نامۆ ئاشت دەکەمەوە
لە رەنگ کردنی کۆلان دەبمەوە
پشت لە جەنگی نێوان پەنجەرەکان دەکەم
دەرگای ماڵ دەکەمە پەرێک بۆ فرین
ماڵاوایی لە تەنیایی دەکەم،



# هێماکانی پیری

ئەی پیریی،
چرکەیەک نزیک لە مردن
هاوڕێی ئازیزی رەشبینی،
دوا کۆلانی تاریکی دۆزەخ
نەخشەیەک لە سێبەری خوێن
ئەی پیریی،
نەوەی ئیمپراتۆرە دیکتاتۆرەکان
دراوسێی گۆڕستانێک لە بێدەنگی،
چاوێکی نابینا لە ژیان
نەفرەتی کۆلارەی منداڵەکان
ئەی پیریی....

دیسەمبەری ٢٠٠٨

دەگەڕێمەوە لە کۆنسێرتی گۆرانییەکی وەڕس

لە ئاهەنگی لەدایک بوونی مردن

لە پرسەی سێوێکی بێکەس

لەخەندەی بەجێماوی ژووانێک،

دەگەڕێمەوە

بۆنی نەمری باخچەکە جێدەهێڵم

لە ژماردنی شوێن پێیەکانت دەبمەوە

لە رامانی سرووشت دادەبڕێم

بە پریاسکەیەک برینی (با)

بە پەیکەری تۆپەڵە بەفرێکی تۆوە

بە کتێبێک پڕ لە سێبەر!

بە کوڵەپشتێک لە تریفەی مانگ!

دەگەڕێمەوە نێو ژیانێکی سانا،



# گەڕانەوەی
# من
# لە
# جەنگێکی بێهودە

تۆزی کتێبەکان لە خۆم دەتەکێنم
خوێنی جەنگەڵەکان لە خۆم دەکەمەوە
بە رەنگێکی خاکی،
ئاوێنە شکاوەکەی یادەوەریم دەسڕمەوە
تەماشای ئەو وێنە ترسناکانە دەکەم لەتەک پوچێتی گرتم
بەشەرمەوە لەو وێنانە رادەمێنم بۆنی دۆزەخییان لێدێت
دەچمەوە پۆلی خاک
سەرلەنوێ دەبمەوە قوتابییەکی شەرمن
دەگەڕێمەوە ماڵ
دایکم چۆن جێهێشت لە ساتی نوێژکردندا
بەهەمان ئەندازە دەیبینمەوە
لەسەر بەرماڵەکە لە خوا دەپارێتەوە من بپارێزێت
منێک پارچەبوو بە تامی ژیان!
رەشبینتر لە رۆژێکی تیشک گیراو
غەمگینتر لە ئێوارەیەکی تاریک،
دەگەڕێمەوە پاش ئەو هەموو جەنگە
جەنگی من لە تەک هەموو شتەکان



سفری ئەزموون ـــــــــــــــــــــ عومەر جەلال

چەندین جار مردم و زیندوبوومەوە
بە بێ دڵ دەگەڕێمەوە،
دەستێک دەبەخشم بە سواڵکەرێک
دەستێکی دی بە ئیمانداریێک بۆ پاڕانەوە
چاوێکم بۆ نابینایەک!
چاوێکی دی بە خوێنەری عاشقێکی تەنیا دەبەخشم
پێیەکم بە دیاری دەنێرم بۆ مانگ
هیچ نەبێت سەردانی زەوی بکات!
پێکەی دی بۆ ئەو شەهیدەی
لە جەنگێکدا بە بێ پێ گەڕایەوە،
دەگەڕێمەوە لەتەک ئەو بەفرەی
بەشەرمەوە دڵی سپی خۆی دەکاتەوە
هێدی هێدی دەستی باران دەگرم و
بەرگم لەگەڵا درووست دەکەم
ساتێک دەگەڕێمەوە
تەنیا گوڵ بەدەرەوە بێت
کۆڵان چۆڵ وەک ئاوێنەیەکی نوێ و

دەرگا ئاوی بێت وەک خۆم !

دەگەڕێمەوە

کەس نەمبینێت جگە لە (با)

کەس بەخێرهاتنەوەم نەکات جگە لە خۆم

دەگەڕێمەوە لە سەرکەوتنی شکستی جەنگێکی بێهودە

تارمایی ئایندەیەک رۆ دەکەمە زەوی

پشت لە مردن دەکەم و

پەپولەیەکی پایزە دەکەمە هاوڕێم

ژیانی لە پێناسەی گوڵێکدا بۆ دەخوێنمەوە،

دەگەڕێمەوە بە بەرگێکی نامۆ

بە جلکێکی دڕاو وەک رۆحم

بە کۆلارەیەکی منداڵانەوە دەگەڕێمەوە،

رابوردووی خۆم دەکەمە دەریاوە

تەنیا بۆ ماسییە ناسکەکان هەیە بیخوێننەوە!

دەگەڕێمەوە

ساتێک دەگەڕێمەوە

نەکەس دەناسم و کەسیش نامناسێتەوە





دەگەڕێمەوە

ساتێک دەگەڕێمەوە

شار چۆڵ و شەقام بێکەس و

گەڕەکەکەیشمان خنکاو لە خوێنی یادەوەری،

دەگەڕێمەوە

لە جەنگێک بێهودەتر لە ژیان

ئەپریلی ۲۰۰۸

دەنووم وەک پەنجەرەیەکی داخراوی  زیندانێک!
بێدەنگ دەبم وەک قوتابییەکی نوێ لە وانەی مردن
گۆرانی دەڵێم وەک عاشقێک لەبەردەم باران
خۆم رووت دەکەمەوە وەک بەفر،
سەما دەکەم لە پرسەی هاورێ ئازیزەکانم
هاوار دەکەم بەدەنگی بەرز لە کۆنسێرتەکانی مۆزیک
ژیان تارماییەکە لە تارمایی!
چاوەڕوان کردنی هاتنی نەهاتنە
خەندەیەکە لە ساتی نووستندا و
گریانێکە لە تەک مەست بووندا،
ساناتر لە سانایی دەیخوێنینەوە
بەئەندازەی خوێندنەوەی ژیانی پاش مردن
سڵاوی سادەیی ئاو بۆ گیا



# نووستنێک
# لە
# ماڵی تەنیایی

هێما نییە بۆ سازشکردنی،

وەرینی گەڵای درەختە بێنازەکان لە پاییزدا

جگە لەسەمای سرووشت چی دی نییە،

گەڕانەوە بۆ منداڵیی

جەنگ نییە لەتەک گەورە بوون

دەستگرتنی غەم بۆ رۆح

راکردن نییە لە ئاسوودەیی!

ژیان وەک جگەرە کێشانە بەدزیی گەورەکانەوە

خوێندنەوەی  شیعرێکە لە هۆڵێکی چۆڵدا

ژوورەکانی ماڵی تەنیایی

تەژییە لە خەونی رژاو

ئاوێتەیەکە لە نسێی  دابەشبوون

پڕە لە بۆنی خوێنی جەنگی نێوان خود و خود

پڕە لە شەوانی نامۆ

لە بەیانیانی بێ ئومێد

لە باڵندەی بێ باڵ،

دەرگاکانی ماڵی تەنیایی





رەنگی لە رەنگی بێهودەییە و

پەنجەرەکانی لە کتێب،

سەفەر لەماڵی تەنیایی

بە تکتێک بەفر دەست پێدەکات

بە سواری باڵندەیەکی قەرەج

بەرەو سنووری مەرگی مردن

بەرەو کردنەوەی کۆدەکانی دڵی بەرد،

سرووتەکانی ئایین لە ماڵی تەنیایدا

نوێژکردنە لە ساتی باران و

پەرستنی ئێوارە شەرمنەکانە!

پیرۆز کردنی شیعرە  وەک ئاو

ناشتنی تەرمی _با_یە

ئەو سپێدەیە گوناهە

دەستی لەشەو نابێتەوە

ئەو مردنە نەگریسە

لە ساتی پێویستیدا ونە

ئەو شاعیرە گەمژەیە

ماڵی تەنیایی نازانێت
ئەو باخەوانە نەزانە
خۆی لە باخچەدا ناکوژێت،
چاوەکانم بووە رێگا
تا ماڵی تەنیاییم دۆزییەوە
پێیەکانم بووە ئاژەڵێکی خشۆک
تا خۆم کردە ژووری تەنیایدا
دڵم بووە پارچەیەک لە ئاسن
بۆ جێهێشتنی ئازیزانم!
بەڵێنم بە تەنیایی دابوو
ئاو و ئاگر داوەت بکەم بۆ ژوورەکەم!
پەپولە ببێتە نەخشی دەرگاکان
ئەستێرە بە پاسەوانی
مانگ بکەم بە سەرین و
رۆژیش بە جێگای نووستنم،
یادەوەری خواردنەوەی شەوانم بێت
خۆکوشتن پرۆڤەی نووسینەوەی جەنگەکانم بێت





برۆمەوە نێو قۆزاخەی پەمووی عەشق
ماڵی تەنیایی لێوان لێو بکەم لە ژیان
گۆڕێک بۆ خۆم چێ ئەکەم
ئاینده دەکەمە کۆلارەیەکی منداڵانە و
هەڵی دەدەم بە دەزووی ئازاری عەشق
کۆڵان پر دەکەم لە بۆنی شیعر
قوتابخانە رەنگ زەردەکان دەگۆڕمەوە بە زیندان
لە ماڵی تەنیایی دەرناچم
هەروەک چۆن هەرگیز لەوانەکانی ماتماتیک دەرنەدەچووم
ئاماژە بە _با_ دەکەم
بۆنی گوڵەکانی دۆزەخم بۆ دێنێت
دەست بۆ وێنە کۆنەکانی منداڵییم دەبەم
بۆنی کۆڵانی منداڵییم بۆ دێنێت
تەماشای خۆم دەکەم
لە ئاوێنەی شکاوی کتێبخانەکەم
وێنەی _یار_ دەبینم بە نووستویی
پێدەکەنم و ئەو دەگری !

دەگریم و ئەو پێدەکەنی!

ئادرێسی ماڵی تەنیایی

دەکەوێتە نزیک دۆزەخەوە،

چەند  فەرسەخێک لەئاوەوە دووره

دراوسێی کۆنی گۆڕستانه و

ژیانیش  تێیدا ئەستەمە،

شیعر ژمارەی دەرگاکەیەتی و

کتێب میوانە بەردەوامەکانی

جونی ٢٠٠٨

عەشق لەت لەتی کردووم
ماڵی مردن نادۆزمەوە،
هێند شرۆڤەی ژیانم کرد
وەک پوشێکی لاڵی ڕەنگ زەرد
ئەستەم بووە ناسینەوەم!
تەنیا ئاگر و با
دەزانن چەند ناسک بوومە.

کوڕی غەمێک بووم وەک خۆم تەنیا،
ئاسنی گەرم خواردنی بەیانیانم بوو!
خۆڵ بۆ ئێوارە و
شەویش تەنیایی بەشم بوو.



# سفری
# ئەزموون

هەر بۆ شۆخیی،
چەند رۆژێکە سەردانی گۆڕستان دەکەم
وەڕس بووم لە ژاوە ژاوی ئۆتۆمبێل و
دەنگە دەنگی بازرگان و فیکەی پۆلیسی سەرشەقام.

دەچمە هەر کوێ
بە بۆنەکەم قەڵس دەبن،
بۆنی کتێبی رەنگ زەرد و
خۆڵی رەفەی کتێبخانە و
تەمی ئەزموونی رابوردووم
وێنایەکی ڤێزەونم نیشان دەدات.

بە یانییەک،
بەر لە خەو هەستانی مەلای گەڕەک
پێش ئەوەی نانەواکان ماچی ئاگر بکەن!
چووم لە کۆڵانی سفری منداڵییم خۆم بکوژم





بە دەستی بەتاڵ هاتمەوە،
ئەو هەموو عاشقانەم بینی چەند تەنیا بوون
هاوپۆلەکانی قوتابخانەم بینی ریزیان گرتبوو بۆ مردن
هەستم دەکرد
خۆکوشتنیش بووەتە کولتوور.

هەر بە بۆنەی ساڵی نوێوە،
داوەتی کۆنسێرتێک کرام
دەنگی ئاژەڵی پەرچووم دەبیست!
مۆزیکی رووت و بێ رامان
لەو هۆڵەدا
وەک درەختێکی پایزە
لە بەرگی خۆم هاتمە دەر و
شەرم لە تەنیشت کورسییە بەتاڵەکەی تەنیشتمەوە
چەپڵەی بۆ ئازار لێ ئەدا.

به ناچاری دەچمەوە ماڵ
چەند ساڵێکە،
دایکم دەڵێ ئەی کوڕی بەرد
بۆ نارۆی ژنێک بهێنی!
تەنیایی وەهای لێکردووی
ئەستەمە چۆن بتناسمەوە!

منیش هەمیشە بێدەنگم،
مژۆڵی کۆکردنەوەی شکستەکانم
سەرەنجامی یاخیبوونێک بەرێوەیە،
سفری ئەزموونی ئایندەم
وەک باخێکی وشکەوەبوو لە پێش چاومە!
دەستەکانم بۆ گوڵ دەبەم هەڵدەوەرێ
پێیەکانم دەنێرم بۆ سەر رێگا شەرم دەکات
چاوم لە نێو تابلۆیەک دادەنێم نابینا دەبێت
دەچمە دڵی مۆزیکەوە دەرشێمەوە!





سفری ئەزموونی رابوردووم هەڵدێنمەوە.

کۆلارەیەکی منداڵییم دەدۆزمەوەو هەڵی دەدەم
سەگی بەر دەرگاکەشمان ،
لە ترۆپکی خەندەدا سەری دەنێتە سەر زەوی
کرنووش بۆ ئاو دەبەم
لە پشتەوە رابوردووی خۆڵاویم دەمکاتە خواری خوارەوە!

کچێک دەناسم لە شەقامێکی بێدەنگ دەژێت،
کوکوختییەکان هاورێتی دەکەن !
منداڵانی قوتابخانە
وەک ناوی مامۆستاکانیان
ناو و بۆنی ئەزبەر دەکەن.

چۆرێک بەختەوەربیم لە شێتێکی هاورێیم قەرز کرد
چەند خولەکێک لام مایەوە،

کۆتایی هات زۆر بەپەلە
هەنووکە خۆم دەشارمەوە
ساتێک هاوڕێکەم دەبینم
هەرگیز ناشێ بە سانایی
ئەو بەختەوەرییە کۆبکەمەوە.

جولاّی ٢٠٠٨

لەیەکەم نیگاتدا پەرچوویەکی قەشەنگت نیشان دام،
بە بینینی تۆ منداڵیی خۆم هاتەوە یاد
بە شەپۆلە هێدییەکانت
پرچی ئەو کچەت نیشان دام
کە بەئەندازەی ناکۆتاییەکەت دوورە لێم
ئەو باڵندانە چەندە ناسکن،
ختووکەی مەمکەکانت دەدەن
مەمکی تۆ لەبری شیر
کەف دەکات کەف!
مەمکی تۆ شەوان لە نێوانی دەمی ئەو ماسییانەیە
خەون بە ئاسمانەوە دەبینن!
چەندین جار مانگ بە تریفەوە رشایە ناوتەوە
تۆ هەر پیر نەبووی!



# دەریا
# هەرگیز پیر نابێت!

چـەندین جـار مرۆڤـە قاچاخـچییەکان تەمـەنی خۆیـان پێـت بەخشی

کەچی تۆ هەر پیر نەبووی!

ئەو هەموو ناسکییە چییە بەیانیان لەخەو هەڵدەستیت

بەر لەوەی دەم و چاوت بشۆیت،

فرمێسک بۆ ونبوونی مانگ دەڕژیت

ئەی دەریا،

تۆ لە کچی زەوی دەچیت!

ئەو هەموو نازەی ئێواران بە شەپۆلەکانت دەیکەیت

ئەو هەموو خەندەیەی بە رووخسارە شینەکەت دەیکەیت

تۆ هەرگیز پیر نابیت

ئەی دەریا،

گەر بمزانیبایە تۆ لەسەر چی ڕاوەستاوی ؟

هەرگیز ڕا نەدەمام بە دیار هاوڕێتیی کتێبە بێکەسەکانەوە

گەر بمناسیتایە وەک خۆم،

دەمێک بوو ئاوێتەی مەرگی خۆم دەکردی!

شەوان ئەستێرەکان تۆ دەبینن





هەست بە تەنیایی ناکەن

خۆر تا ئاوا دەبێت دەمی لە نێو دەمتدا دەرناکات

تیشکەکانی خۆر هەمیشە ماچی وردە شەپۆلەکانت دەکەن

ئەی دەریا ،

تۆ منداڵدانت تەژییە لە ماسی!

مانگ و خۆر لە سەر تۆ دابڕان

هەنووکەش جەنگی نێوانیان بەردەوامە

وەلێ ،تۆ نازانی لەکامیان سکت پڕ بوو

ئەی دەریا،

تۆ مرۆ ناناسیت چەندە تامەزرۆی بینینتن بە رووتی!

چەندە ئارەزوویانە ئەو جلکە شینە لەبەرت داکەنن!

پێیەکانت بۆنی بەهاری لێدێت

دەستەکانت لە جادووی مۆزیک دەچێت،

چاوەکانت لە نهێنی پۆرترێتەکەی مۆنالیزا دەچێت

ئەی دەریا،

ئارەزوومە لە خۆتم هەڵکێشیت

بمبەیتەوە بەرەو ئەو دیوی ژیان،

باسی خەمباری ماسییە چکۆلەکانم بۆ بکەیت

دەچنە تەڵەی ماسییە گەورەکانەوە!

وانەیەکم پێ بڵێ

فێری بێدەنگیم بکات

زمانێکم فێر بکە

بتوانم لەتەک بەرد بئاخڤم،

هێزێکم بدەرێ

چی دی ژیان نەمکوژێت

دیارییەکم پێ ببەخشە

وەک دەستەکانت میهرەبان بن

ئەی دەریا،

ئێمە دەمرین و تۆ هەر گەنجیت

ئێمە دەمرین و ئەو یادەوەرییانەت بۆ جێدەهێڵین

کە لێوان لێو بوون لە تەنیایی

ئێمە دەمرین و باخچەکان بە ناوی تۆوە دەنێین

ئێمە دەمرین و تۆ سەردانمان ناکەیت

ئەی دەریا،





چەند بەختەوەری

هەمیشە زیندوویت!

چەند میهرەبانیت

دەستمان دەگریت!

بنوو ئەی دەریا بنوو

تۆ هەندێ سات لە ئافرەت دەچیت

ئەی دەریا...

نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

ژیان، گۆرانییەکە تەنیایی دەیڵێتەوە
شەو ئاواز رۆژیش هۆنراوەکەیەتی
ژیان، تێپەڕینە بە نێو دڵی تاریکیدا
خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی سەرابە
ژیان، پێناسەیەکی بێ پێناسە
گەمە کردن و ئالودەبوونە بە تریاکی پوچێتی
ژیان خۆشاردنەوەیە لە چاوشارکێی منداڵیی
دۆزینەوەی هاوڕێتیی مەرگە!
خۆکوشتنە لە چاوەڕوانیی عەشقدا
نووستنێکە لەیەکەم وانەی فەرامۆشی
ژیان، خوێندنەوەی شیعرێکە کەس نایبیستێت
هاواری شێتێکە بۆ پەیداکردنی جگەرەیەک
ژیان، وەک دڵۆپە باران دەبارێت



# ژیان
# لە
# قۆزاخەی
# پێناسەکانی

وەک و بەفر سپی سپی خۆی دەنوێنێت

ژیان ،سنوورێکی بیٰ سنوورە

هەموو خەندەیەک بەشێک لە ژیان دەپارێزێت

تەنیایی، ڕێگایەکە بۆ کوشتنی خەونەکانی ژیان

دابەشبوون، سروودێکە بۆ راڤەکردنی ژیان

ئاسوودەیی، ئاودانی گوڵی باخچەکانی ژیانە

مەنفا خوێندنەوەی ژیانە لە تاریکیدا!

نیشتمان ،دەست بردنە بۆ مەمکی ژیان بەسانایی

نەورەس، تەمەنی خۆی دەبەخشێت بۆ شانەکردنی پرچی ژیان

کوکوختی، هەموو بە یانییەک پەنجەکانی ژیان بۆیە دەکات

مانگ، تەنیا هاوڕێی ژیانە لە تەنیایی شەواندا

ڕۆژ ، یادەوەری ژیان دەنووسێتەوە تا دەمرێت!

ئەستێرەکان ئیشیان درووستکردنی ملوانکەیە بۆ ملی ژیان

شاعیرەکان شێت دەبن لە ڕامانی نهێنییەکانی ژیان

ئاو، هێندە تامەزرۆی بینینی ژیانە تا سنووری شەپۆل

باران، شۆردنەوەی ژیانە لە شەوێکی تاریکدا





بەفر رازاندنەوەی ژیانە بۆ ئاهەنگ!

خۆسازدانی ژیانە بۆ هاوسەرێتیی!

نامۆیی باخچەیەک گریانی باڵندەکان دەنووسێتەوە،

باڵی پەپولەکان ناسکی عاشقەکان دەخوێنێتەوە

گیا، هێمایە بۆ نەمریی ژیان

عەشق ،سروودێکە  بۆ قەشەنگتر کردنی باڵەکانی ژیان!

تۆ کەسێکی نازانی ئێوارە چەند ناسکە جێمدەهێڵی،
من گریانی هەورەکان لە چاوی تۆدا دەخوێنمەوە
تۆ،وەرزی پایز بەنەفرەت دەکەیت
نەبادا وەرزەکانم خۆش بوێت
خەمی نێوان من و تۆ لەخەمی خۆر و مانگ دەچێ
هەرگیزاو هەرگیز یەکناگرنەوە،
تێگەیشتنی من و تۆ لە تێنەگەیشتنی بەرد و ئاو دەچێت
تا هەنووکە نازانن کامیان زیندوون و مردوون،
کپ بوونی من و تۆ لە کپ بوونی بێدەنگی مردووەک دەچێت
ترسی من تۆ لە ترسی خودا دەچێت لە شاعیرەکان!
لە ترسی عەشق لە کاڵبوونەوە،
رەنگی من و تۆ لەرەنگی ئاو دەچێت



تۆدەنگی
من
نابیستی
من
بێدەنگی
تۆ
دەبیستم!!

دەنگی من و تۆ لەدەنگی (با) دەچێت

منداڵیی خۆمان ناناسینەوە،

گەر سەدەیەک نەبەخشین بە یادەوەری

چرکەیەک نەبەخشین بە خۆکوشتن،

لەهزرمدا دەریایەک فرمێسک دەمخنکێنێت

هاوار و گریانی من نابیستیت،

لە دەرگا کراوەکانی دڵمدا

ئومێدێک نەماوە بۆ ژیان

لە رۆحی داتەپیوی ووشکم

پەنجەرەیەک نەماوە بۆ ڕوانین،

پەنجەرە، لای من یادەوەری قەشەنگی هەیە

ئەو ساتانەی قوتابی بووم و هەمیشە لەپەنجەرەکانەوە لە

گۆڕی بێ نازی باوکم دەڕوانی!

تەنیا بۆ پەنجەرە گریانەکانی دایکم دەگێڕایەوە!

هەر لە پەنجەرەوە تەماشای کچە دراوسێ دڵڕەقەکانم دەکرد

پەنجەرە لە ماڵی ئێمەدا رێزی دەگیرا

بە ئەندازەی بۆنی باران!





پەنجەرەی دڵم هێندەی عەشق ناسک بوو

تۆ شکاندت،

وەکو بەفر سپی بوو تۆ ڕەشت کرد

تۆ نامبیستی دەنگم دەگاتە ماڵی هەور!

تۆ نامبینی وەک ئەستێرە وەک تیشکی خۆر

هاتوومەتە ناو ژورەکەتانەوە!

ئۆگۆستی ٢٠٠٨

بۆنی  باران ناناسمەوە
هاژەی ئاویش نابیستمەوە،
پشتم بە ئەندازەیەک کۆمبووەتەوە
ئاژەڵەکان هاوڕێتیم دەکەن!

هەرگیز گۆرانیم نەوتووە
ماوەیەکە دەنگم  زۆرخۆشبووە،
بۆنی شەقامەکانی منداڵییم دەکەم
سەراپای جەستەم سپی دەبێت.

نامەیەکی ئەوم خوێندەوە
بەر لەچەند ساڵ نوسیبووی خۆشم ناوێی
تک تک خوێن لەچاوم دەهات،
نەمدەتوانی پەنجەی دەستەکانم
لەیەک جودا بکەمەوە.



# ساتی مردنم هاتووە

**کورتە شیعرێکی خۆم لێ ون ببوو**

**لە رۆژنامەیەکی سانسۆرکراودا دیمەوە،**

**چەندە نیگام لێکرد و دەستم بە پرچیدا هێنا**

**ئێستاش هەر نەیناسیمەوە.**

**جگەرەیەکم بە گڕی تەنیایی پێ کرد**

**کتێبێکم لە ژێر سەرم دانا،**

**چۆلەکەیەک لەسەر چاوانم نیشتەوە**

**تینوێتی راپێچی کردبوو،**

**فرمێسکی چاوانم بخواتەوە.**

**نۆڤەمبەری ٢٠٠٨**

لێوان لێوم لە گومان

پڕاو پڕم لەترسەکانی عەشق،

نامۆم بە گەمەکانی منداڵیی

خاڵیم لەبەرائەتی پەپولەو ئومێدی تەڕ بوونی بەر باران!

ڕەشبینم بە ئایندەم کەبۆنی وەهمی لێ دێ

یاخی دەبم تا نزیک کەنارەکانی مەرگ

مەرگێک کەژیانم پێدەبەخشێ،

ئاه ....

چەند ئەستەمە ژیان،

هاواری عاشقێ ناتوانێت لە دەرگای هەقیقەت بدات

ئەی مردن ،

من یادەوەریم دەبەخشم بە(با)



# سەفەرێک
# بەرەو
# مردن

تۆ نیگایەکم لە دۆزەخ پێ ببەخشی!

منداڵییم دەبەخشم بەگەورەبوون

تۆ بەهارت بێنیتە ناو وەرزەکانم!

ئەی مردن،

من دەتوانم ڕاڤەی ئاوت بۆ بکەم لە ساتی ڕۆشتن دا

ناسکی گوڵت پێ بناسێنم لە ساتی وەریندا و

سەخیفی ژیانت نیشان دەم!

مردن ،

ئەی دواین هاوڕێی ژیانم!

تۆ بە خشندەی وەکو شیعر،

تۆ جوانتری لەو ڕۆژانەی نەیانتوانی بمسپێرن بە بەختیاری

دەنگی دڵۆپە ئاوێک بەسە بۆ دڵدانەوەی تەنیایی باخچەیەک

خامۆشم چوون زەردی تیشکی ڕۆژ!

بمکە بە هاوڕێی خۆت ئەی مردن

تۆ خاوەن میهری کاتێک باوەشمان بۆ دەکەیتەوە

مردن ،

هێند مەزنی باڵەکانت لە باڵی ئاسوودەیی دەچێت!





ڕەنگت هێند ئەرخەوانییە،

لە ئێوارەی مەست بوونم دەچێت

دەنگت هاوتای دەنگی بێ دەنگییە!

منیش بە ئەندازەی عەشق کاڵ بوومەتەوە

بەکەڵکی ژیان نەماوم،

چەند نەگریسە ژیان

چەند قەشەنگە مردن

سێپتەمبەری ٢٠٠٧

منداڵێک لە دایک دەبێت
ڕەشاو هەڵدێنێتەوە،
خەونی ڕەش دەبینێت
باوکی لە تەنیشتی بێدەنگییەوە
چاوەڕوانیی کفنێکی سپی دەکات
ڕوخسارێکی سپی و دیدگای سپی
هەمیشە هاوڕێیەتی،
لە مێژە هەست بەجەنگی ڕەنگەکان دەکەم
بە منداڵیی بە ڕەنگی سپی لە تەختە ڕەشم دەنووسی
پەرەی سپیم
بەڕەنگی ڕەش دەبەستەوە!
لە ساتی بەفر بارینددا
چاویان بە کل ڕەش دەکردم



# جەنگی ناکۆتای ڕەش و سپی

بۆ ئەوەی رەنگی سپی

رەشی چاوەکانم نەخوات

هەستم دەکرد ،

لە نێوان جەنگی رەنگەکانی

رەش و سپی گەمە دەکەم

ئەشێ رەژوو لە ئەزەلەوە رەش نەبووبێت

تەنیایی فێری کردبێت!

ئاو لە ساتی شەپۆلدا

هەست نەکات سپی دەچێتەوە

هەندێ سات قەلەڕەش

تەنیا بە هۆی رەنگی سپی

کەروێشکێکی چکۆلانەی لە گۆڕ ناوە

دەستێکی رەش ،

شۆڕشێکی سپی

بەرەو کودەتا بردووە

ئەمە پیشەی رەنگەکانە

مرۆڤانە جودا خوازە





رەش ئارەزووی تەنیاییەو

سپیش کوڕی بەختەوەریی!

رەش لە نزیک گۆڕستانە و

سپی لە ناو خەندە دەژی

ئیرەیی بە رەنگەکان دەبەم

تەنها بە تەنیایی جوانن!

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

زەوی بە ئەندازەی دایکێک بۆ منداڵەکەی
باوەش بۆ ئاسمان دەکاتەوە!
لە چاوەڕوانیی بارینی بەفردا
ڕەنگی زەرد دەبێت،
بەفر گەڕانەوەیە بۆ منداڵیی!
بۆ ئەو ساتانەی بە تۆپەڵ وێنەی خۆمان دەنەخشان
دەتەزین لەناو پەرچووی قەشەنگی دا
ئاسوودە بووین تا دەرکەوتنی رۆژ
دەتواینەوە لەتەک نازی تۆپەڵە بەفردا،
رامان لەبەفر رامان بوو لە بەرگی سپی سرووشت
ئەوانەی خۆیان دەشاردەوە و لەماڵ نەدەهاتنە دەر
دژی ئەفسانەی بەفربوون،
ئەوانە رەنگی سروشتیان خۆش نەدەویست!



# بێدەنگی بەفر

سەمای بەفر لە ساتی بارینیدا
چوون گوێگرتن لە مۆزیک وایە،
رووتبوونەوە لەبەردەم بەفردا
شوناسی عاشقە نەمرەکانە،
بۆنی یار لە بەفر دێت!
بەفر سیمای یار نیشان دەدات
داپۆشینی شار بە بەفر
داپۆشینی جەنگە بە ماچ
کرێوەی بەفر بەئەندازەی کرێوەی ژیان
ئاوێنەی لە ناخدا هەڵگرتووە،
بەفر دیاری ساڵی نوێیە بۆ زەوی
بەفر تەژییە لە یادەوەری عەشقی نێوان رۆژ و مانگ
تەژییە لەسوتاندنی ئەستێرەکان لە دووی یەکدی،
بەفر راڤەکردنی ژیانە بە دەنگی ئاو!
سەمای ئێوارەیە بە رۆحی ئاگر!
لە دڵی هەر کلوە بەفرێکدا
نیشتمانێک هەیە وەک (با) بێ شوناس





لە هاواری هەر تۆپەڵە بەفرێکدا
دەنگێک هەیە وەک ئازادی بێدەنگ،
رازاندنەوەی باخچەکان بەبەرگی سپی
هێمایە بۆ پەرستنی بەفر
ئاوێتەبوونی بەفر لەتەک دەریا
ماچی رەهایە بەزمانی ئاسمان
بەفر هەمیشە بەدووی بەرزی دا دەگەڕێت
لوتکەکان دەکاتە ماڵی خۆی
عەشق دەبەخشێتە رۆژ و کپ کپ دەتوێتەوە
تەماشا کردنی سەمای بەفر
تەماشاکردنی گەمەکانی منداڵییە لە ئێوارەیەکی درەنگدا
نووستن لەناو بەفردا
جەنگە لەتەک ژیانێکی بێهودەدا،
باوەش کردنەوە بۆ بەفر
باوەشکردنە بە رۆحێکی نهێنی کەمەرگ نایناسێت!

سێپتەمبەری ٢٠٠٧

دەست دەبەم بۆ دڵی ئاگر،
ئەو رۆژانەم  یاد دێتەوە لەسەرمای زستان دا
بەدیار فرۆشتنی گوڵەبەرۆژەوە دەستەکانم دەبوونە سەهۆڵ
خەندەی ئاو،
ئەو شەوانەم بەیاد دێنێتەوە لەچاوەڕوانیی (یار) دا دەبوومە
بەرد
پەپولەیەک دەبینم باڵەکانی خوار بووەتەوە
پوچێتی قوتابخانەکەمانم یاد دێتەوە ،
کاتێک مامۆستاکانی دەستیان دەشکاندین
تەنیا بۆ ئەوەی پرسیار نەکەین
منداڵێک دەبینم رێگای ماڵی یاد چووەتەوە،
پرسیار لە ماڵی ونبووی خۆیان دەکات
ئەو ساتانەم  یاد دێتەوە
گومانم لە بوونی ئەم ژیانە و پرسیارەکانم لە قوڵایی  ئاسمان
دەکرد



# پریاسکەیەک یادەوەریی

که بێ وەلاّم دەبوومەوە،

ئیدی هەمیشه دەگریام!.

کچێکی قەیره دەبینم بەتەنیا پیاسه دەکات

بێهودەیه و غەمەکانی بۆ (با) راڤه دەکات!

هاواری ئەو کوڕە تەنیایەم  یاد دێتەوە به کوڵ دەگریا بۆ

دیتنی رووخساری  یار

شەقامێک دەبینم کۆنکرێت دەکرێت

دروود بۆ گەمەکانی منداڵییم دەنێرم!

ئەو هەموو خانووە قوڕەم تێیدا بە جێ هێشت

ساتێک بە منداڵی دەمکردن!

دەگریم بۆ ئەو دەریا فرمێسکەی

دەمرژشتن لە پاش مەرگی هاوڕێ بێکەسەکانم

کۆترێک دەبینم دەفڕێت ،

ئەو خۆزگە بێ ئومێدەم یاد دێنێتەوە

که خەونم دەبینی بەفڕینەوە بۆ ئەودیوی ژیان!

ئەپریلی ٢٠٠٨

بەچەند دڵۆپە فرمێسکێک
پەنجەرەیەک لە منداڵیی دەکەمەوە،
بەچۆرێک تریفەوە
بەکەمێک پاکی ئاو
بەبۆنی تەڵێک نێرگز
بەتوڕە بوونی با
بەلەت لەت بوونی باران
ئاشنا دەبمەوە بەمنداڵیی و
نەفرەت دەکەم لە گەورە بوون،
ئیدی نامەوێ عەشق ببینم بە رووخاویی
باخچە ببینم بەبێ گوڵ
ئێوارە ببینم بەتەنیایی
ژیان ببینم بەبێ شیعر
گەورە بوون ،



# هەناسەکانی منداڵیی

خەیاڵی فڕینی لێ سەندمەوە

ڕوانینی منی بۆ بەفر ڕەش کردەوە

بێ هودەیە

دانیشتن لە بەردەم هەتاو

ڕاکردن لەدەست تارمایی

ژیان دووبارەبوونەوەی پەیڤێکە لە زمانی لاڵێکدا،

ژیان ئاوێتەیەکە لەڕەنگی  بێڕەنگی!

ئاه،

چەند جوان بوون کوفرەکانی منداڵیی

جوانتر لە عیبادەتی گەورە بوون!

چەند بە چێژ بوون ئازارەکانی منداڵیی

ناسک تر لە شادی گەورە بوون!

دەمەوێت بەیانییەک بەخەیاڵی منداڵیی

دەستی تیشکێک لە ڕۆژ بگرم،

بۆنی کۆڵانەکانی منداڵیی بکەم

هەڵماتە ڕەنگاو ڕەنگەکانم بدۆزمەوە

خەونە ڕەش و سپییەکانم تەفسیر بکەم





گومانی بەجێماوی هاوڕێکانم هەڵگرمەوە

لەترسی مامۆستا دڵڕەقە ئاگر بەدەستەکان

لەبەرزی دیواری قوتابخانەوە

خۆم شۆڕ دەکەمەوە وەکو ئاو،

بۆیەکەمین وانەی فێر بوون

وانەی فڕین!

هەنووکە گیرفانەکانم پڕن لەترسی منداڵیی و خاڵی لە ئایندە

چاوەکانم پڕن لە گەڵای پایز و خاڵی لە بینینی بەهار

هەمیشە خەیاڵ دەمباتەوە بۆ ڕاوەستان لەبەردەم باران!

وای بۆ منداڵیی بەپەلە جێی هێشتین !

کەم بوون گەمەکانی

بەئەندازەی چاو داخستن و کردنەوە

لە چاو شارکێدا،

منداڵیی ، سەفەرێکە پڕ لە گوومان

پڕ لە گریان

ئۆگۆستی ٢٠٠٥

یەک خودا و یەک عەشق و یەک ژیان ،
بەهەردوو دەستمەوە
هەرچەندە کۆیان دەکەمەوە
سەرەنجام هەر یەک دەکات!

من لە گۆڕستانێک لەدایک بووم
دایکم ناوی مردووەکانی دەنووسی،
باوکیشم کێلی بۆ گۆڕەکان درووست دەکرد.

هەمیشە خەون بە منداڵییەوە دەبینم
وەک منداڵ دەگریم و
وەک منداڵ گەورە دەبم،
وەک منداڵ ژن دەهێنم
وەک منداڵ دەبمە باوک!



# فانتازیای ژمارەکان

تەماشای هیچ ناکەم کە دەیخۆم
جگە لە تۆ و ئاو
قوم قوم رادەمێنم و دەیخۆمەوە!

گیرفانی دڕاوی هاوڕێکەم ،
هێما بوو بۆ مەرگی دووەمی
لە چاوەڕوانیی دەستێکدا.

هێند لە دواین وێنەت راماوم
کاتێک ئەلبومەکەم دادەخەم،
پاش چەند رۆژێک چاوەکانم
شوێنی خۆیان دەدۆزنەوە.

لەگەڕەکە کۆنەکەی ئێمە
شێتێک هەیە ،
بەزستانان خۆی رووت دەکاتەوە
هاوینانیش لەناو ئاگردا دەنوێت!





شیعر و کوفر،
دوانەیەکن
بۆیان نییە جیاببنەوە.

باخچەکەمان،
داری شیعرێکی تێدایە
هەرگیز نامرێت.

جولای ٢٠٠٧

خەمی شکانەوەی گوڵێک ئازارم دەدات،
بێدەنگی مردنی باخچەیەک دەرگاکانی دۆزەخم نیشان دەدات
رۆندکی منداڵێکی تەنیا نائومێدم دەکات
پیربوونی گەڕانی شەقامەکان لەتم دەکات
نەورەسێک دەبینم ناتوانێت بفڕێت!
باڵەکانی ،تەنیایی شکاندوویەتی
دەرگایەکی ئاسوودەییم لێدادەخات،
هەموو تێپەڕینێک بەسەر تەڵە گیایەکدا
تێپەرینە بەسەر تەرمی مندا،
کوشتنی نیگایەک کوشتنی مرۆڤێکە لای من
بە پەنجەرەیەک تێڕوانینەوە تەنیا گەڵا هەڵوەریوەکانی پایز
هاوڕێمن
نێرگزە بەرامەکانی بەهار لێم زیزن،



# دەرگاکانی بێهودەیی

لەناو خۆکوشتندا دەرگایەک هەیە بۆ بەختەوەریی

لەتەنیشت گۆڕستانێکەوە هاوڕێی نوێ دەناسم!

هاوڕێکانم لەماڵی مردن دادەنیشن و دەخۆنەوە

منێک بە (با) دا پەیام بنێرم بۆ ئاسوودەیی!

کام گۆرانی دەرگای خۆیم لێدەکاتەوە؟

کام مۆزیک دەستم دەگرێت بۆ مەنفای یاد چوونەوە؟

کام هۆنراوە ئاوێتەی منداڵیم دەکات؟

ئاه ، منداڵیی تەنیا لە ماڵی تۆ بەختەوەر بووم

ئازارەکانی منداڵیم لە ئاسوودەییەکانی گەورەبوون بە

چێژتربوون

کچێک لە دووری خەمی منەوە بانگم دەکات،

کاتێک دەگەم تەنیا تارماییە و هیچ

باوکم لەدەرگا دەدات و دیار نامێنێت

برا گەورەکەم کتێبەکانم دەکاتە زبڵخانەی خێڵەوە!

نیشتمان ئەدرەسی مەستیم لێ دەدزێت،

من تەنیایی لە خۆم دەدزم

هەرخۆم سزای خۆم دەدەم





خۆم قسە لەتەک خۆم ناکەم

خۆم ،خۆم بانگ دەکەم ئاشتم بکاتەوە لەتەک خۆم

خۆم دەبم بەئەو ،

لەبریی ئەو بە خۆم دەڵێم خۆشم ئەوێ

هەر خۆم ئەم هۆنراوە دەخوێنمەوە!

هەر خۆم دڵی تەنیایی خۆم دەدەمەوە

هەر خۆم دەست خۆشی لە خۆم دەکەم

سوپاس بۆ خۆم!

کە توانیومە هەر خۆم ببم

نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

# ڕێگاکانی
# دابەش بوونم



بەسەر هەور دابەش دەبم
بەشێکم لەتەک باراندا چەترەکەت دەشواتەوە
بەشێکی دیکەم ئاوێتەی تریفەی مانگ دەبێت
هەتا ون نەبیت لەچاوم
بە سەر گۆرانییەکدا دابەش دەبم
بەشێکم وەک (با) هێرش دێنن بۆ تەنیاییت
بەشێکی دیکەم دەبێتە خۆر و شانەی پرچت دەکات
بەسەر دەریادا دابەش دەبم
بەشێکم دەبێتە ئاو لە روخسارت دەڕوانێت
ئەو بەشەی دیکەم وەک ئاوێنە
تەنیا و تەنیا چاوەکانت نیشان دەدات
بەشێکم لە شیعرێکدا دەنێرم بۆت
بەشەکەی دیم وەک منداڵ
کۆڵان کۆڵان بۆت دەگەڕێت

دابەش دەبم وەک پەنجەرە

بەشێکم بۆ رامان لە تۆ

بەشەکەی دیم وەک فرمێسک

هەمیشە چاوەڕوانت دەبێت

دابەش دەبم وەکو خاک

بەشێکم بۆ کتێبخانە دەبەخشم

بەشەکەی دیم بۆ خوێندنەوەی چاوەکانت

دابەش دەبم

بەشێکم لەم ژیانە ون دەبێت

بەشەکەی دیکەم بەمردووی جێم دەهێڵێت

دابەش دەبم وەک و سێوێک

لە تێکم تەنیا تۆ دەیخۆیت

لەتەکەی دیکەش خۆم دەیخۆم

سێپتەمبەری ٢٠٠٨

وەک باڵندە بەدووی هێلانەی تەنیایی خۆمدا ونم،
بە ڕەنگێکی ئاڵ وەک تەمەنی منداڵییم مەست ئەبم
خۆشەویستیت دەمبات بۆ دەریای ڕامان !

ئەم شەو لە بێئومێدییەکی گەورەدا ،
تەنیایی باوەشم بۆ دەکاتەوە
جەنگی من و ژیان هەمیشە بەردەوامە!

پەنجەرەیەک دەناسم جیهانێک نیگای تێدا ونبووە،
دەرگایەک دەناسم بەئەندازەی عەشق لەت لەت کراوە
کچێک دەناسم ناتوانێت بمناسێت!



# گۆرانییەکانی عەشق

بێدەنگییەک، وەک ڕەنگ خۆی پێدا هەڵواسیوم
هاوارێک وەک ئاو دەمشواتەوە،
(با) وەک خەونەکانی منداڵیی دەمبات!
عەشقێک زۆر بە کپی خۆم پێدەنووسێتەوە.

مردن،وەک هاوڕێیەکی نزیک
دەستی دەکاتە نێو دەستم
تەنیایی وەک باران تەڕم دەکات!
منداڵییم وەک ئەو بەجێم دەهێڵێ.

گوناهێکی گەورە دەکات خۆشیبوێم،
گوناهێکی گەورە دەکەم خۆشم نەوێت،
لە نێوان من و ئەودا گوناە شێت بووە!
نازانێت ماڵی هەقیقەت لە کوێیە.





من خەونی پێوە دەبینم،
ئەو لەخەونەکانی مندا تارماییە
دڵم تەنیا بەخەونەکانم خۆشە
دەتوانم بڵێم خۆشم دەوێت.

پەناگەیەک نییە ئێوارە پشووی تێدا بدەم
هەناسەکانم کورت دەڕوا،
لەو ڕۆژەوەی بە جێت هێشتم
گۆرانی بۆ مەرگ دەڵێم.

گۆرانییەک وەک (با)
هەموو شەوێک دەمبات بۆدوورگە خەیاڵییەکانی گومان
ناتوانم لەیادت بکەم،
ئەی ئەو کەسەی بۆنی منت لێدێ.

**پایزانە هاتی و داوای بەهارت لێکردم،**

**هەرچی پەڕەی درەختی یادەوەری قەشەنگم هەبوو**

**هەڵتوەراند**

**دیکتاتۆرانە زیندانیی هزرە ئاڵەکانت کردم**

**وەلێ،هەر خۆشمویستی.**

**وەک زەندیقێکی یاخیی**

**لەهەموو ئایینەکان یاخی بووم!**

**هەموو باوەڕم لە تۆدا کۆکردەوە.**

**ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧**

به چاوی پەپولەیەک نیگام لێکردی
خەرەندێک لە تەنیایی ونی کردم،
لە پشتی ئۆتۆمبێلێکی منداڵانەوە هاتمەوە
عەشق دەرگای لێ نەکردمەوە
ژیانم لە نامەیەکی پێچراودا بۆ ناردی!
ئەفسوس -با- کردییەوە و بێ هۆش بوو
عەشق، کوفری دوای فاریزەیە!
منداڵێک لە شەقامێک دەیدۆزێتەوە
پیرێک بە گۆچانی دەکات !
عەشق لە پیاسەی شێتێک دەچێت
بە نێو دەریادا بڕوات:
ئەی عەشق ،
چەند بە ئازارەکانتەوە جوانیت
کە دێی بێ ئاگا!



عەشق،
کوفری دوای
فاریزەیە!

ئێمە تاڵ دەچینەوە کە نایەیت
شکستەکانمان لە بێدەنگیدا دەنێژین
تۆ، ئازیزم ئەی سەمای تەنیایی
یادت جگەرەیەکە بەدەستمەوە!
هەرگیز ناکوژێتەوە،
لەودیوی مردنەوە دێمەوەو نامبینیت!
کۆتر لەسەر شانەکانم رواوە
گیا لە رووخسارم چەکەرە دەکات!
رەنگی منداڵیی لە کتێبەکانی دەستم دەچۆڕێت
بۆنی عەشق لە رۆحم دێت!
تۆ نازانیت گەمە لە تەک مردن چەند ئەستەمە
بە بوونی تۆوە هەمیشە
دەتوانم شیعر بنووسم،
گۆرانی بۆ سرووشت بڵێم و
دەست لە نهێنییەکانی ئاو بدەم
تۆم هەبێت ئازیزم!
چۆلەکەکان هاورێتیم دەکەن





دەست بەسەر کوکوختییەکاندا دێنم نافرن
پەپولە لەسەر دەستەکانم دادەنێم
دەچمە قوڵایی بێدەنگییەوە و
ناکۆتا راڤە دەکەم!
شارێک لە خەون دروست دەکەم
تۆ دەبیتە وێنای
من لە خەوێکی قوڵی منداڵانە بووم
سێبەری باخچەم دەنووسییەوە
مژۆڵی جوداکردنەوەی رەنگەکانی نێرگز بووم،
عەشقی تۆ  بە دەنگی تەنیایی بە ئاگای هێنامەوە
نەزۆکێک بووم لە هزر،
دەستم گوێ نەدەکرد بە نووسین
رامان بە ئەندازەی نا کۆتا لێم دوور بوو
عەشقی تۆ ،
لەتێکی بردم و لەتێکی ون کردم
دەرگایەکی لێکردمەوە و دەرگایەکی لێ داخستم
مردنی پیشان دام و ژیانی لا خۆش کردم!

عەشق ،

گوێگرتنە لە مۆزیک تەنیا جارێک

فڕینە بێ نیشتنەوە بەرەو هەسارەیەکی دی

گومانە لە هاژەی ئاو!

دۆزینەوەی خودە لە نائاگاییدا

فێبریوەری ٢٠٠٨

نازانم کەی خۆشم ویستی ،

چۆن خۆشم ویستی،

بۆ خۆشم ویستی؟؟؟

لە ئاو  دەپرسم !

ریتمی هاژەت چۆن ئەزبەر کرد؟

لە بەفر دەپرسم!

سەمای ئاوی لەکام نیشتمانەوە فێربوویت؟

دەپرسم و بێ وەڵامم

زۆر سات ون دەبم لە نێو گێژاوی پرسیاردا

پرسیاری بریندار و سەرخۆش و تەنیا

پرسیاری درووست بوونی  مێژووی عەشق

وەڵامی گریان ئامێز،

وەڵامی سادە وەک خۆم



پەیکەرێکی

بێ رۆح

باوەشم بۆ دەکاتەوە!

ون دەبم لە نێوی پەرچووی تۆدا،

تۆ ژوورێکی بێ پەنجەرەی

کتێبێکی زەرد وەک رەنگم

ئاوێنەیەکی نابینایت،

ئاینێکی بێ پەیامبەر!

منیش هەمیشە دەپرسم

ئەشێ بۆچی تۆم ناسیبێت؟

لە گومانەوە دەست پێدەکەم

لە مردنەوە دەتخوێنمەوە!

لە نێو باخدا بۆت دەگەرێم،

نسێی کتێبەکانت بۆ دەهێنم

رۆحی نەمریی گێلاست پێشکەش دەکەم

رەنگی دەریاکانت بۆ دەنەخشێنم بە شیعرێکی قەشەنگ

دەنگی چۆلەکە غەمگینەکانی خانووە قورەکانی منداڵییمت بۆ

دەنێرم

خەندەی شێتێکت بە نامەیەکدا بۆ دەنێرم!





ئەشێ نەمتوانیبێت بتناسم،

نەمزانیبێت بۆ خۆشم ویستبی؟

دڵنیام لە پەیکەربوونی تۆ

دڵنیام لە بێ میهری رۆحی تۆ

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

# ئاو

من دەتوانم بۆنی بکەم،
بەسانایی هەست بە تامی بکەم
هەر وەک کەسێکی نابینا
رەنگیشی دەستنیشان بکەم!
ئەفسوس بەم هەموو پەرچووەم
تا هەنووکە نەمتوانیووە
بۆن وتامی رۆحت بکەم.





# میوە فرۆش

ژیانێک جودا لەهەموو غەمگینییەکان
پاڕانەوە لە رەنگەکان،
ون بوون لەناو بۆندا!
ژیان لە ناو پەرچووی بزەی میوەی ناسکدا
شۆڕشێک لە رووتکردنەوەی باخەکان!
ئاشتکردنەوەی ئازاری درەختەکان.

# مۆزیك

خەوێکی دیکەیە بە شێوازی ئاگاهی
لەناو باخچەیەکی هەناردا،
ئاینێکی دیکەیە لەسەر ریتمی باران!
جەنگە لەتەک جەنگ و
خۆشاردنەوەیە لە مەرگ.





# شیعر

پەیامێکی خاکییە،
عاشقە شکست خواردووەکان دەینووسنەوە
منداڵە بێنازەکان دەیڵێنەوە،
هەژارەکانی سە ر رێگا
دەیکەنە ماڵ !
پشووی مەرگی تێدا دەدەن.